بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٨ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

به پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨) لە ٢٠ /٢٠٠٩/٤ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩
# یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

## به شی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم:** پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

**سێیەم:**ئەنجومەنی وەزیران : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**چوارەم:** وەزارەت : وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

**پێنجەم:** وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

**شەشەم:** پارێزگا : یەکەیەکی کارگێڕییە لەناو سنووره جوگرافییەکەیدا و لە قەزاو ناحیەو گوند پێکدێ.

**حەوتەم:** یەکەی کارگێڕی: پارێزگا ، قەزا ، ناحیە.

**هەشتەم:** سەرۆکی یەکەی کارگێڕیی : پارێزگار ، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە.

**نۆیەم:** ئەنجومەن : ئەنجومەنی پارێزگا.

**دەیەم:** ئەنجومەنی خۆجێیەتی : ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا، ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**یازدەم: ئەنجومەنەکان : ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕیی یەکان.**

**ماددەی دووەم:**

**ئـــەم یاســـایە دەســـتەڵات و بەرپرســـیەتی ئەنجومەنـــەکان و ســـەرۆکەکانیان و ئەندامـــەکانی دەستنیـشان دەکـات بـۆ پتـەوکردنی پرنـسیپی ناسـەنتەری لـە دابەشـکردنی دەسـتەڵاتەکان و چـــاککردنی گەیانـــدنی خزمـــەتگوزاری گـــشتی بـــۆ هاوڵاتیـــان و پاراســـتنی مافـــەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی یەکە کارگێڕییەکان لە هەرێمدا.**

**ماددەی سێیەم:**

**هەرێم لە رووی کارگێڕییەوە دابەش دەکرێ بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزا و ناحیە و هەریەك لە یەکە کارگێڕییەکان کەسایەتی مەعنەوی و زیمەتی دارایی سەربەخۆی لەناو بودجەی پارێزگادا دەبێ.**

## بەشی دووەم

### یەکەم: ئەنجومەنی پارێزگاو تایبەتمەندییەکانی

**ماددەی چوارەم:**

**ئەنجومەنی پارێزگا لە رێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە پێك دەهێزێ و لە (٢٥) ئەندام پێکدی و بۆ هەر (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەس لەوانەی زیاد دەبن لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەس ئەندامێکی دەخرێتە سەر بەپێی نوێترین سەر ژمێری باوەڕ پێکراو، بەمەرجێك لیستی پالێوراوەکان بە شێوەیەك بێت کە رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە (٣٠٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لە ناو سنووری کارگێڕیی پارێزگادا و مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و رێنماییەکان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەناو سنووری پارێزگادا دەربچوێنێ ، تاکو بتوانێ سەرپەرشتی بەرێوەبردنی کاروباری پاریزگا بە پێی پرنسیپی نا سەنتەری بەڕیوەبردنی کارگێڕی بکات بە جۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێ لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەنجومەنی پارێزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:**

**یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن وجێگرەکەی لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەندا کە پارێزگار بانگەوازی بۆ دەکات لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و لەبارێکدا کە بانگەواز بۆ دانیشتنەکە نەکرا ئەوا ئەنجومەنەکە لە خۆیەوە کۆ دەبێتەوە لە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆی رۆژی شازدەم لە مێژووی**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

پەسەندكردنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنەكە و دانیشتنەكەش بە سەرۆكايەتی بە تەمەنترين ئەندام دەبیٚ.

دووەم: ١- لە سەر كار لادانی سەرۆكی ئەنجومەن يان جێگرەكەی لە سەرداوای سێيەكی ژمارەی ئەندامانی و بەرەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی سەرۆك يان جێگرەكەی بە لادراو دادەنرێت هەر كاتێ مەرجێكی ئەندامێتی لە دەست بدات يان يەكیٚ لەم هۆيانەيان لەسەر ساغ بووەوە:

أ. دەست پيسيی يان خراپ بەكارهێنانی پايەی فەرمانبەريەكەی.
ب. بوون بە هۆی بە فيڕۆ دانی دارايی گشتی.
ج. خەمساردی يان كەمتەر خەمی نواندن بە ئەنقەست لە جێبەجی كردنی ئەركەكەی.

٢- سەرۆك يان جێگرەكەی بۆيان هەيە تانووت لە بڕياری لادانيان بدەن لە لای دادگای كارگێريی تايبەت لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پێڕاگەياندنی بڕيارەكە بە پێی حوكمەكانی ياسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی كوردستان ژمارەی (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨دا.

سێيەم:١- هەڵبژاردنی پارێزگار لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرينەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لە ماوەيەكدا كە ئەو پەڕی (٣٠) سی رۆژ لە مێژووی بەستنی يەكەمين دانيشتنيەوە.

٢- ئەگەر هيچ كامێك لە پاڵێوراوەكان زۆرينەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بە دەس نەهێنا ئەوا كێبڕكێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە دەبیٚ كە زۆرترين دەنگيان بەدەست هێناوە و ئەوەی زۆرينەی دەنگەكان لە دەنگدانی دووەمدا بباتەوە ئەو بە دەرچوو دادەنرێت .

چوارەم: ١- لێپێچينەوە كردن لەگەڵ پارێزگار يان يەكێك لە جێگرەكانی لەسەر داوای سێيەكی ئەندامانی دەبیٚ و لە كاتی قەناعەت نەهاتنی زۆرينەی سادە بە وەڵامەكانی لێپێچينەوە لەگەڵ كراودا، ئەوا داوای لادانيان( الاقالة ) لە دانيشتنێكی دووەمدا دەخرێتە دەنگدانەوە و پارێزگار يان يەكێك لە جێگرەكانی بە لادراو دادەنرێن دوای وەرگرتنی رەزامەنی ئەنجومەن بە زۆرينەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی و، داواكاريی لادانەكە يان راسپاردنی، دەبیٚ پشت بە يەكێك لەو هۆيانە ببەستیٚ كە لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەيەدا هاتووە.

٢-پارێزگار و دوو جێگرەكەی بۆيان هەيە لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پێڕاگەياندیەوە تانووت لە بڕياری لەسەر كار لادانيان لە دادگای كارگێڕی تايبەتمەند بدەن.

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

پێنجەم: ١- ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆمارکردنی لە پڕۆژەی بودجەی پارێزگادا.

٢- پەسەندکردنی پڕۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوەو بە رەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەندامانی رەوانەی کراوە، بەو مەرجەی پێوەرە یاسایی و سیستەمیەکان لە دابەشکردنی تەرخانکراوەکان بۆ سەنتەری پارێزگا و قەزاو ناحیەکان رەچاو بکرێن و پاشان بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بەرز بکرێتەوە.

شەشەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دانانی پلانی ستراتیژی بۆ گەشە پێدانی بە جۆریك کە لەگەڵ گەشەپێدانی نیشتمانی و هەرێمدا بگونجێ.

حەوتەم: بڕیاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆ بۆ کارەکانی ئەنجومەن بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لە ماوەی مانگێك لە مێژووی یەکەم دانیشتنیەوە.

هەشتەم: دەرچوواندنی بڕیار و پێڕەو و رێنماییەکان و پێشکەش کردنی راسپاردەکان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێریی و دارایی و چاککردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە پارێزگا دا.

نۆیەم: پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە رێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

دەیەم: دەستنیشان کردنی پێشینیەکانی(اولويات) پارێزگا لە پرۆژەکان و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی خۆجێیەتی لە ناو بودجەی ساڵانەدا هاتبێت بۆ وەزارەتێك هەمواربکات بە هەماهەنگی لەگەڵیدا بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی بە مەرجێك ئەو هەموارکردنە نەبێتە مایەی زیادبوونی ڕادەی خەرج کردنی باسکراو لە پلانەکان و هەروەها بەو مەرجەی کە لەگەڵ کارایی جێبەجی کردنی ئامانجە نیشتمانیەکان لە هەرێمدا ناکۆك نەبێ و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی تر بەرەزامەندیی دوو لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەموار بکا یاخود رایبگرێ.

یازدەم: چاودێری کردنی گشت چالاکییەکی دەستەکانی جێبەجێ کردنی خۆجێیەتی بۆ زامن کردنی باش جێبەجێ کردنی کارەکانی بێجگە لە دادگاکان و یەکە سەربازییەکان و پاسەوانی هەرێم(پێشمەرگە) زانکۆ و کۆلێجەکان و پەیمانگاکانی فێرکردنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی و ئەو فەرمانگانەی کە دەسەڵاتی فیدرالییان هەیە لە پارێزگاکەدا.

دوازدەم: ١- رەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر پاڵاوتنی سێ پالێوراو لە ئەسڵی پێنج پاڵێوراو کە پارێزگار بۆ پڕکردنەوەی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

پۆســـتی هـــەردوو جێگــری پارێزگــا پێــشکەشیان دەکــات و فـــەرمانی دامەزراندنی دوانیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.

٢- ڕەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر پالاوتنی سێ پالێوراو لە ئەسڵی پێنج کەس کە پارێزگار بۆپڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگادا پێشکەشیان دەکات و فەرمانی دامەزراندنی یەکێکیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.

٣- پێشنیارکردنی لەسەرکار لادانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگا بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر داوای پارێزگار یان ١\٥ پێنجیەکی ژمارەی ئەندامانی وبەرزکردنەوەی لە ڕێگای وەزیری پسپۆرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش مافی لادانی هەیە بە پشت بەستن بە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە.

**سێزدەم:** ڕەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر پێشنیازی بەجێ گەیاندنی گۆڕانکاریی کارگێڕیی لە قەزا و ناحیە و گوندەکان بەلێکدانیان و لە نوێ دانان وگۆڕینی ناو و سەنتەرەکانیان و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لە پێکهاتەی کارگێڕی لە چوار چێوەی سنووری پارێزگا و ئەمەش لەسەر پێشنیازی پارێزگار یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێ.

**چواردەم:** پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لە نێوان ئەندامانی بۆ چاودێری کردنی دەزگا یان چالاکی دەستەکانی جێبەجێ کار لەسەر ئاستی پارێزگا و بۆی هەیە پشت بە شارەزا و راوێژکاران ببەستێ.

**پازدەم :** هەڵبژاردنی دروشمێك بۆ پارێزگا کە لە کەلەپووری مێژوویی و شارستانیەکەیەوە وەرگیرا بێ.

**شازدەم:** پێشنیاز کردنی قەرەبوو کردنەوەی زیان پێکەوتووان لە حاڵەتی ڕوودانی کارەسات و داوا لە حکومەتی هەرێم بکا لە سنووری پارێزگادا یارمەتی پێشکەش بکەن.

**حەڤدەم:** دەرچوواندنی بلاوکراوەیەکی خۆجێیەتی، هەموو بڕیار و پێڕەو و ڕێنمایی و ئەو فەرمان و چالاکییانەی تێدا بلاوبکرێتەوە کە ئەنجومەن دەریان دەکات تاکو هاوولاتییان ئاگاداربن لێیان.

**ماددەی حەوتەم:**

پارێزگار بە لەسەر کار لادراو دادەنرێ لەکاتی لە دەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامیەتی دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا لەم بارەیەوە و پارێزگار بۆی هەیە لە بەردەم دادگای کارگێری تایبەتمەند لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی پێیراگەیاندنەوە تانە لە بڕیارەکە بدات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## دووەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا و تایبە تمەندییەکانی

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومـەنی خۆجێیـەتی قـەزا لـە ڕێگـەی هەڵبـژاردنی ڕاسـتەو خـۆی گـشتییەوە دادەمـەزرێ و پێکدی لە (٧) حەوت ئەندام بۆ ئەو قەزایەی ژمارەی دانیشتوانی لە (٥٠)هەزار کـەس کـەمترە و بۆ هـەر (٥٠) پـەنجا هـەزار کەسـی زیـاد لـە ڕادەی نـاوبراو ئەنـدامێکیان دێتـە سـەر بـە مـەرجێك لیستی پـاڵێوراوان بـەجۆرێك ڕێـك بخـرێ کـە ڕێـژەی نوێنەرایـەتی ئـافرەت لـە ئەنجومەنـدا لـە (٣٠٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمترنەبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

یەکـەم: هەڵبـژاردنی سـەرۆکی ئەنجومـەنی خۆجێیـەتی قـەزا لـە نێـوان ئەنـدامانی بـە زۆرینـەی ڕەهـای ژمـارەی ئەنـدامانی لـە یەکـەم دانیـشتنی ئەنجومـەنی خۆجێیـەتی کـە لەسـەر بانگهێـشتی قایمقـام لـە مـاوەی پـازدە ڕۆژ لـە مێـژووی پەسـندکردنی ئـەنجامی هەڵبژاردنـەکان دەبەسـترێ و دانیـشتنەکەش بـە سـەرۆکایەتی بەتەمـەنترین ئەنـدام دەبـێ و لـە بارێکـدا کـە پاڵێوراوەکـە بـە زۆرینـەی پێویـست دەرنەچـوو، دووبـارە هەڵبـژاردن لـە نێـوانی ئـەو دوو پـاڵێوراوەدا دەکـرێ کـە زۆرینـەی دەنگیـان وەرگرتـووە و کامـەی زیـاتر دەنگـی وەرگرت ئەو دەردەچێ.

دووەم: لە بارێکدا کە ئەنجومەن بانگهێشت نەکرا بۆ کۆبوونەوە ئەوا ئەنجومەن لە خۆیەوە لە سـەعات دوازدەی نیـوەڕۆی ڕۆژی دوایـی بـە سـەرۆکایەتی بـە تەمـەنترین ئەنـدام کۆدەبێتەوە.

سێیەم: هەڵبـژاردنی قایمقـام لـە نێـوان ئەنـدامانی و بـە زۆرینـەی ڕەهـای ژمـارەی ئەنـدامانی دەبێ و ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك زۆرینەی پێویستیان نەهێنا، ئـەوا کێبڕکـێ لـە نێـوان ئەو دوو کەسە دەبێ کە زۆرترین دەنگیان وەرگرتووە و ئەو کەسە بە براوە دادەنرێ کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێ.

چـوارەم: لـە کـار لادانـی سـەرۆکی ئەنجومـەنی خۆجییـەتی یـان قایمقـام بـە زۆرینـەی ٣\٢ی ژمارەی ئەندامانی دەبێ لە حاڵەتێك دا کە یەك لەو هۆیانەی لەسەر ئیسپات بوو کە لە ماددەی (شەشەم/دووەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

پێنجەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی یەکەی کارگێریی قەزا و ڕەزامەنـدیی دەربڕین لەسـەر پلانەکانی بودجەی فەرمانگەکانی سەر بەخۆی و ناردنی بۆ پارێزگار.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

شەشەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ بەرێوەبردنی قەزا و چاودێری کردنی دەزگا جێبەجێ کارەکانی و رێکخستنی کارە کارگێڕییەکان.

حەوتەم: سەرپەرشتی کردنی بەرنامەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە لە قەزادا.

هەشتەم: دەربڕینی هاوکاریی و هەماهەنگی و راوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی کارگێڕی ناحیەکان بە جۆرێك کە هاوسەنگی و بەرژەوەندیی گشتی بەدی بێنن.

نۆیەم: پەسندکردنی دیزاینە بنەڕەتیەکان لە قەزادا بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا و لە چوارچێوەی نەخشەی گشتی حکومەتی هەرێم دا.

دەیەم: چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی چالاکیە پەروەردەیی و تەندروستیەکان لە سنووری قەزا و پێشکەش کردنی راسپاردە لەڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاوە.

یازدەم: چاودێریکردنی رێکخستنی بەکارهێنانی زەوی گشتی لە ناو رووبەری جوگرافی قەزا و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و دارستان و سامانی ئاژەڵی تێیدا.

دوازدەم: هەر دەسەڵاتێکی تر کە ئەنجومەنی پارێزگا پێیدەدات بەمەرجێك لەگەڵ یاسایە کارپێکراوەکاندا ناکۆك نەبێ.

سێزدەم: دانانی پێڕەوی ناوخۆ بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.

**ماددەی دەیەم:**

لە بارێکدا کە ناکۆکی کەوتە نێوان بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی پارێزگا، ئەوا ئەولەوییەت دەدرێتە ئەوەی دواییان، ئەگەر ئەو بڕیارەی وەرگیراوە پەیوەندیداربێ بە هەموو پارێزگاکەوە.

## سێیەم ـ ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە و دەسەڵاتەکانی

**ماددەی یازدەم:**

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لە رێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆی گشتییەوە دادەمەزرێ و لە (٥) ئەندام بۆ ئەو ناحییەیە پێکدێ کە ژمارەی دانیشتوانی لە بیست وپێنج هەزار کەس کەمتر بێ و بۆ هەر (٢٥٠٠٠) هەزارکەسیش کە لە ڕادەی دیاری کراو زێتر بێ ئەندامێکی بۆ زیاد دەکرێ. بەمەرجێ لیستی پاڵێوراوەکان بەشێوەیەك رێك بخرێ کە رێژەی بەشداری کردنی ئافرەتان لە ئەنجومەنەکە مسۆگەر بکات کە لە (٣٠٪) ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی دوازدەم:**

**ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:**

**یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی ناحیە لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی لە یەکەم دانیشتنی کە دەیبەستێ لەسەر بانگهێشتی بەرێوەبەری ناحیە لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێ و دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبەسترێ. و ئەگەر پاڵێوراوەکە بە زۆرینەی پێویست سەرنەکەوت، ئەوا هەڵبژاردن لەنێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا دووبارە دەبێتەوە کە زۆرترین دەنگیان هێناوە و ئەوە دەیباتەوە کە زۆرینەی بەدەست دێنێ.**

**دووەم: لە حاڵەتی بانگهێشت نەکردنی ئەنجومەن بۆ دانیشتن، ئەنجومەن لەخۆیەوە لەکاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی رۆژی پاشتر دادەنیشێ و بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی دەکات.**

**سێیەم: بەرێوەبەری ناحییە لە نێوان ئەندامانی و بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێ و ئەگەر هیچ کام لەپاڵێوراوەکان زۆرینەی پێویستیان بەدەست نەهێنا، کێبڕکێ لەنێوان ئەو دووەدا دەکرێ کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە و، ئەوەش دەیباتەوە کەزۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێ.**

**چوارەم: لەکارلادانی سەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێییەتی یان بەرێوەبەری ناحییە بەزۆرینەی دەنگی ٢/٣ ی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی لەکاتی هاتنەدی یەکێك لە هۆیەکانی کە لە بڕگەی ((دووەم))ی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.**

**پێنجەم: ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی ناحییە و پیشاندانی رەزامەندی لەسەر پلانی بودجەی فەرمانگەکانی سەر بەو و رەوانە کردنی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.**

**شەشەم: چاودێری رێکخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری گشتی لەنێو رووبەری جوگرافی ناحییە و کارکردن لەپێناو پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و دارستان و سامانی ئاژەڵی ئاوی.**

**حەوتەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بەرێوەبردنی ناحییە و چاودێری کردنی دەزگا جێبەجێکارەکانی و رێکخستنی کردەوەکانی بەرێوەبردن.**

**هەشتەم: سەرپەرشتی کردنی بەرنامەکانی خزمەتگوزاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناحییەکە.**

**نۆیەم: پیشاندانی رەزامەندی لەسەر دیزاینە بنەڕەتییەکانی ناحییە بە بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا و لە چوارچێوەی نەخشەی گشتی حکومەتی هەرێم.**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دەیـەم: چـاودێری و هەڵـسەنگاندنی چـالاًکییە پـەروەردەیی و تەندروسـتییەکان لەسـنووری ناحییەکە و پێشکەش کردنی راسپاردە لەسەریان لە رێگـای ئەنجومـەنی خۆجێیـەتی قەزاوە.

یانزدەم: هەر دەسەلأتێکی دیکە کە ئەنجومـەنی پارێزگـا یـاخود ئەنجومـەنی خۆجێیـەتی قـەزا پێی دەدا بەمەرجێك لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکاندا ناکۆك نەبن.

دوانزدەم: چاودێری کردنی فەرمانگە خۆجێیەکان و بەرزکردنەوەی راسپاردەی پێویست لـەو بارەیەوە بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.

سیانزدەم: دانانی پێڕەوی ناوخۆ بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە.

**ماددەی سێزدەم:**

لە بارێکدا کە بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قـەزاز نـاکۆك بـوو، ئـەوا بڕیـاری ئەنجومـەنی خۆجێیـەتی قـەزا ئەولەویـەتی دەبـێ ئەگـەر پەیوەنـدیی بـە هەموو قەزاکەوە هەبوو.

## چوارەم : مەرجەکانی ئەندامیەتی وکاری ئە نجومەنەکان و سوێندخواردن

**ماددەی چواردەم:**

یەکەم: پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان ئەم مەرجانەی لێ بێتەدی:

١- پێویستە عێراقی بێ و بە تـەواوی شیاو بـێ وبیـست وپێـنج سـاڵی لـە تەمـەنی لـە کاتی خۆ پالاوتنی دا تەواو کرد بێ.

٢- پێویستە بۆ پاڵێوراوی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی خۆجێیـەتی قەزاکان بـەلانی کـەم بڕوانامـەی ئامـادەیی یـان هاوتاکـەیان هـەبێ و بۆ پـالێوراوی ئەنجومەنە خوجێیەکانی ناحیەکانیش بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان هەبێ.

٣- پێویستە خوو رەوشت و ناوبانگی باش بێ و بە هیچ تاوان و کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نە درا بێ.

٤- پێویستە خەلکی یەکە کارگێڕییەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی یـان بـە شـێوەیەکی بـەردەوام بـۆ ماوەیـەك لـە (دە) سـاڵکەمتر نـەبێ لێـی دانیـشتبێ بەمەرجێك نیشتەجێ بوونەکەی بۆ مەبەستی گۆڕانکاری دیموگرافی نەبێت.

٥- نابێ لەکەسەکانی هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێ.

٦- نابێ بەشداریی لەو تاوانانەدا کردبێ کە رژێمی بـەعس نەخشەی بۆ کێشابوون یان جێبەجێی کردبوون یان ئەنجامی دابوون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵی ساڵنامەییە لەیەکەم دانیشتنیەوە دەست پێدەکات و بەکۆتایی هاتنی ساڵی چوارەم کۆتایی دێت.

سێیەم: پێویستە ئەندام خۆی بۆ کارەکانی ئەنجومەن تەرخان بکات.

**ماددەی پازدەم:**

١- سەرۆکی ئەنجومەنەکان سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنەکانیان دەکەن و لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان بەرپرسیارن و رادەی یاسایی تێیاندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەها تەواو دەبێ.

٢- سەرۆك بەرنامەی کۆبوونەوەکە بە ئەندامان رادەگەیەنێ و دەشێ ئەندام پێشنیازی زیادکردنی ماددەیەك یا زیاتر بۆ سەر بەرنامەکە بکات و زۆرینەش بۆیان هەیە ئەمە قبول بکەن یا رەتی بکەنەوە.

٣- ئەنجومەنەکان بۆیان هەیە داوای ئامادەبوونی هەر فەرمانبەرێك بکەن لەو کاروبارەی کە پەیوەندیی بەفرمانەکەیەوە هەیە.

٤- دەنگدان لە ئەنجومەنەکان بەئاشکرایی دەبێ و دەشێ بکرێتە نهێنی لەسەر داوای زۆرینەی ژمارەی ئەندامان و بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان وەردەگیرێت و لەکاتی یەکسان بووندا، ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ دەدا.

**ماددەی شازدەم:**

یەکەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکان ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگادا دەخۆن:

(سوێند بە خودای گەورە دەخۆم کە پارێزگاریی لەیەکێتی هەرێمی کوردستان . عێراق و سەلامەتی خاکەکەی بکەم و چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم و پابەندبم بە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمدا و بەدڵسۆزی و راستگۆیی و دەسپاکی و بێ لایەنیەوە کاری خۆم ئەنجام بدەم و خودا شاهێدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم).

دووەم: پارێزگار ئەو سوێندەی کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەبەردەم سەرۆکی هەرێم بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ دەخوات.

سێیەم: قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە ئەو سوێندەی سەرەوە کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەبەردەم وەزیری ناوخۆ بە ئامادەبوونی پارێزگار دەخۆن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## بەشی سێیەم
## دەســتەی جێبەجێکــار و ســەرۆکــەکـــانی یەکە کــارگــێڕیەکــان

### یەکـــەم ـ دەستەی جێــبەجێــکــار

**ماددەی حەڤدەم:**

دەستەی جێبەجێکار:

هــەر یەکەیــەکی کــارگێڕی دەســتەیەکی جێبــەجێ کردنــی دەبــێ، ســەرۆکی یەکــەی کــارگێڕی سەرۆکایەتی دەکات و سەرۆکی فەرمانگە خۆجێییەتییەکان تێیدا ئەندام دەبن و لـەم بوارانـەی خوارەوە دەسەڵاتیان هەیە:

**یەکـەم:** ئامـادەکردنی پـرۆژەی بودجـەی ساڵانەی یەکـەی کـارگێڕیی و بەرزکردنـەوەی بـۆ ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕیی.

**دووەم:** ئامادەکردنی پلانی گەشە پێکردنی یەکەی کارگێڕیی.

**سـێیەم:** جێبــەجێ کردنــی یاســا و بڕیــار و ئــەو ڕێنماییانــەی کــە لــە دەســەڵاتدرایەتی تایبەتەوە دەرچوون.

**چوارەم:** هەماهەنگی کردن لەگەڵ بابەتە هاوبەشەکاندا.

**پێنجەم:** پێشنیازکردنی پرۆژەی بڕیارەکان بۆ ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕیی.

**شەشـەم:** لێکۆڵینــەوەی ئــەو بابەتانــەی کــە لــە ئەنجومــەنی یەکــەی کارگێڕییــەوە یــان لــە سەرۆکی یەکەی کارگێڕییەوە بۆی هاتووە.

### دووەم ـ پـــــارێزگـــار

**ماددەی هەژدەم:**

**یەکـەم:** پارێزگــار بەرپرســی یەکــەمی جێبــەجێ کردنــە لــە پارێزگــادا و لەبــەردەم ئەنجومەنــدا بەرپرسە و لـە ڕووی ماف وخزمـەتی فرمانیـەوە بەپلـەی تایبـەتی(وەکیلـی وەزارەت) دەبێ، و پارێزگار لەڕووی کارگێڕییەوە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی ناوخۆوە.

**دووەم:** مەرجە پالێوراو بۆ پۆستی پارێزگار بەلایەنی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ لەپاڵ ئەو مەرجانەی کە پێویستن لەئەندامی ئەنجومەنی پارێزگادا بێتەدی.

**سـێیەم:** مەرسـوومێکی هـەرێمی بـە دامەزرانـدنی پارێزگـار دەردەچـێ لـەماوەی پـازدە ڕۆژ لـە مێژووی هەڵبژاردنی لەلایەن ئەنجومەنەوە.

**چوارەم:** هەر پارێزگارەو دوو جێگری دەبێ کە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خـاوەن شـارەزایی و پسپۆڕی بن و بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن و فەرمانی دامەزراندیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## سێیەم ـ ئەرك و دەسەلأتەکانی پارێزگار

**ماددەی نۆزدەم:**

پارێزگار ئەم ئەرك و دەسەلأتانەی خوارەوە پیادە دەکا:

یەکەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا بە بەشداریی کردن لەگەڵ سەرۆکەکانی فەرمانگە خۆجێیەکان و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەن.

دووەم: جێبەجیٚ کردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم لە سنووری پارێزگادا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

سێیەم: جێبەجیٚ کردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی پارێزگا بەپێی یاسا جێبەجیٚ کراوەکان دەیدات.

چوارەم: نوێنەرایەتی پارێزگا دەکات لەو کۆنگرە و کۆڕ و سیمینارانەی کە بۆیان بانگ دەکریٚ.

پێنجەم: سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوونی شوێنە گشتیەیان لە پارێزگادا و پشکنینیان جگە لە دادگاکان و یەکە سەربازییەکان و پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) و زانکۆ و کۆلیجەکان و پەیمانگاکانی فێرکردنی بالأ و تۆژینەوەی زانستی.

شەشەم: ١- دەرچوواندنی فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەرانی کارگێڕییە خۆجێیەکان و تەنسیب کردنیان لەسەر ئاستی پارێزگا، لەوانەی کە لە پلەی حەوتەم و بەرەو خوارەوەن لە پەیژەی پلەکانی فەرمانبەریەتی کە لەیاسادا هاتووە لەوانەی کە دەپاڵێورین لە فەرمانگە تایبەتمەندەکانی بەپێی پلانی ئەو میلاکەی لەلایەنە پەیوەندی دارەکانەوە پەسەند کراوە.

٢- چەسپاندنی فەرمانبەرە خۆجێیەکان لە پارێزگادا لەنێو پەیژەی پلەکانی فەرمانبەریەتی کە لەیاسادا هاتوون.

حەوتەم: وەرگرتنی ڕێکاری کارگێڕیی و یاسایی دەرحەق فەرمانبەرانی کارگێڕییە خۆجێیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا.

هەشتەم: بەرپرسیاریەتی دابین کردنی ئاسایش و نیزام لەپارێزگادا و بۆی هەیە فەرمان بدات بە پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش بە پێی یاسا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکەن کە لەناو سنووری پارێزگادا روودەدەن، بەو ناوەی سەرۆکی لێژنەی ئاسایشە لە پارێزگادا.

نۆیەم: داواکردنی کردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس ، دوای پەسندکردنی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی.

دەیەم: پاراستنی ئاسایش و نیزام و مافی هاوولأتیان و گیان و ماڵ و موڵکیان و لە باری نەتوانینی دەزگاکانی ئاسایش لە بەدیهێنانی دا، ئەم کارە دەخرێتە بەردەم وەزیری ناوخۆ وبڕێکی پێویست لەهێز بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە داوا دەکا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

یازدەم: یەکەم : نارەزایی دەربرین لە بڕیارەکانی ئەنجومەن لەم بارانەی خوارەوە دەبێ :
١- ئەگەر سەرپێچی دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکان بوو.
٢ . ئەگەر لە دەسەلأتەکانی ئەنجومەندا نەبوو.
٣ . ئەگەر سەرپێچی پلانی گشتی حکومەتی هەرێم یا بودجە بوو.
دووەم: پارێزگار بڕیارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجومەن لەماوەیەك لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێ لە مێژووی پێڕاگەیاندنی، لەگەڵ هۆیەکانی ڕەخنەگرتنەکەی و تێبینیەکانیدا.
سێیەم: ئەگەر ئەنجومەن پێی داگرت لەسەر بڕیارەکەی خۆی بەبێ لابردنی ئەو سەرپێچییەی کە پارێزگار دەری خستووە، دەبێ بینێرێ بۆ دادگای کارگێریی بۆ ئەوەی بڕیاری لێ بدات.
دوازدەم: پارێزگار بۆ هەیە هەندێ لە دەستەلأتەکانی خۆی بەجێگرەکانی یان قایمقام یاخود بەرێوەبەری ناحیە، هەریەك لەکاروباری یەکە کارگێڕییەکەیدا بدات.

**ماددەی بیستەم:**

١- لەحاڵەتی ئامادە نەبوونی پارێزگاردا یەکێك لەجێگرەکانی ماوەی ئامادەنەبوونی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی جێی دەگرێتەوە.
٢- لە بارێکدا کە پارێزگار نەتوانێت ئەرکەکانی رابپەرێنێت لەبەر هۆی تەندروستی بۆ ماوەیەك کەزیاتر بێت لە سێ (٣) مانگ ئەوا خانەنشین دەکرێت و پێویستە لەسەر ئەنجومەن پارێزگارێکی نوێ بە هەمان ئەو شێوازەی لەم یاسایەدا هاتووە هەڵبژێرن و تا کاتی هەڵبژاردنی پارێزگاری نویش یەکێك لە جێگرەکانی بە کارەکانی هەڵدەستێت .

**ماددەی بیست ویەکەم:**

پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی بەردەوام دەبن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە دوای تەواو بوونی ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەن و تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی نوێ لە دوای ئەوان کەسانی تر هەڵدەبژێرن .

**ماددەی بیست و دووەم:**

یەکەم: وەزیری تایبەتمەند بۆی هەیە هەندێ لە دەسەلأتەکانی بە پارێزگار بدات.
دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە نەبەستراونەتەوە بە هیچ وەزارەتێك، رای پارێزگار لەو کاروبارانە وەرگرن کە دەیانەوێ لە پارێزگادا بیکەن و ئاگادارکردنەوەی پارێزگار بەو نامەنووسینانەی کە لەگەڵ فەرمانگەکان و دەزگاکانیدا لە چوارچێوەی پارێزگادا ئەنجامی دەدا، بۆ ئەوەی ئاگادار بێ لێیان و چاودێری جێبەجێ کردنیان بکات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

سێیەم: پێویستە سەرۆکی فەرمانگەکان و دەزگا گشتیەکانی ناو پارێزگا خۆیان بەمانەی خوارەوە ببستنەوە:

١- ئاگادار کردنەوەی پارێزگار بە ئاڵوگۆڕکردنی نووسراوە فەرمییەکانیان لەگەڵ فەرمانگە فەرعیەکاندا.

٢- بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ پارێزگار لەبارەی ئەو کاروبارانەی بۆیان دێت.

٣- ئاگادارکردنەوەی پارێزگار لەو کارانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایش یان کاروباری گرنگ یان کێشەکانی پەیوەندیدار بەزیاتر لە فەرمانگەیەك لە پارێزگادا هەبێ، یان بەرەوشتی فەرمانبەرەکانییەوە.

٤- ئاگادارکردنەوەی پارێزگار لە دەست بەکاربوونی سەرۆکی فەرمانگەکانی فــەرعی خــۆجێیی لەئــەرك و فرمانیــان یــاخود دەســت هــەڵگرتن لەکارەکانیان.

چــوارەم: پێویــستە پارێزگــار وەزارەتــە پەیوەندیــدارەکان لــە وردەکــاریی پرۆژەکــانی ئاگاداربکاتــەوە کــە لەســەر ئاســتی پارێزگــا جێبــەجێیان دەکــات و ئــەوەی پەیوەندی هەیە بە تایبەتمەندییەکانی ئەو وەزارەتانەوە.

## چــوارەم ـ قــایمقــام و بەڕێــوەبەری نــاحیە

**ماددەی بیست و سێیەم:**

یەکـەم: قایمقـام و بەڕێوەبـەری ناحیـە بـاڵاترین فەرمانبـەری جێبـەجێ کـردنن لـە یەکـە کارگێڕییەکانیاندا.

دووەم: مەرجە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە پاڵ مەرجی پێویست کە دەبێ لە ئەندامی ئەنجومــەنی پارێزگــا بێتــەدی، قایمقــام خــاوەن بڕوانامــەی زانکــۆیی بێــت و بەرێوەبەری ناحیەش بڕوانامەی زانکۆیی لە یاسا دا هەبێت .

سێیەم: سەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران فـەرمانێکی وەزاری بەدامەزراندنی هەریـەك لـە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لـە مـاوەی پـانزدە رۆژ دوای هەڵبـژاردنیان لەلایـەن ئەنجوومەنەکانیانەوە دەردەچووێنێ.

چوارەم: قایمقام بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرێوەبەری ناحیەش بە پلـەی یاریـدەدەری بەرێوەبەری گشتی دەبێ.

پێنجـەم: لـەکاتی ئامـادە نـەبوونی قایمقـام، پارێزگـار یـەکێك لـە بەڕێوەبـەرەکانی ناحیـەی سـەربەقەزاکە رادەسـپێرێ بـۆ راپەرانـدنی کارەکـانی و لـەکاتی ئامـادە نـەبوونی بەڕێوەبەری ناحیەش، بەڕێوەبـەری پۆلیسی ناحیەکە بۆ ڕاپەرانـدنی کارەکـانی رادەسپێرێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## پێنجەم ـ ئەرك و دەسـەڵاتەکــانی قــایمقــام

**ماددەی بیست و چوارەم:**

قایمقام ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکــەم: ئامــادەکردنی پــڕۆژەی بودجــەی قــەزا و بەرزکردنــەوەی بــۆ ئەنجومــەنی خۆجێیەتی قەزا.

دووەم: جێبەجیٚ کردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا دەریان دەکات بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان.

سێیەم: سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی فەرمانگە فەرمیەکان لە قەزا و فەرمانبەرانی و پشکنینیان، بەدەر لەدادگا و یەکە سەربازییەکان وپاسەوانانی هەرێم ( پێشمەرگە) و زانکۆ وکۆلیجەکان و پەیمانگەکانی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

چوارەم: بەرپرسە لـە دابین کردنـی ئاسـایش و نیـزام لـە یەکـە کارگێڕیەکەیـدا و بـۆی هەیە فەرمان بە پۆلیس ودەزگاکانی ئاسایش بدات بەپێی یاسا لێکۆڵینەوە لـەو تاوانانــەدا بکـا کــە لــەناو قەزاکــەدا روودەدەن بــەو پێیــەیی ســەرۆکی لیژنەی ئاسایشە لەقەزاکەدا.

پێنجەم: پاراستنی ئاسایش و نیـزام و پاراستنی مـافی هاوڵاتیـان و گیـان و موڵك و ماڵی تایبەتییان .

شەشــەم: پاراســتنی موڵــك و مــاڵی گــشتی و چــاککردنەوەیان و کۆکردنــەوەی داهاتەکانیان بەپێی یاسا.

حەوتــەم: قایمقـام بـۆی هەیـە فـەرمان بـدات بـە پێکهێنـانی مـەفرەزە لـە هێزەکـانی ئاسایـشی نـاوخۆ بەشـێوەیەکی کـاتی لەقـەزادا، بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش لەکاتی پێویستدا.

هەشتەم: سەرۆکی فەرمانگەکان لەقەزادا قایمقام لەو نووسراوانە ئاگادار دەکەنەوە کە لەگەڵ فەرمانگە فەرمیەکانیدا ئاڵوگۆڕی دەکەن.

نۆیەم: بۆی هەیە تانووت لە بریاری لادانی لەلای دادگای کارگێڕیی تایبەت بدات لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە.

## شەشەم ـ ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری ناحیە

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

بەڕێوەبەری ناحیە ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکــەم: ئامــادەکردنی پــڕۆژەی بودجــەی ناحیــە و بەرزکردنــەوەی بــۆ ئەنجومــەنی خۆجێیەتی یەکەی کارگێڕیی لە ناحیەدا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە دەریان دەکات بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.
سێیەم: سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی فەرمانگە فەرمیەکانی ناحیە و فەرمانبەرانی وپشکنینیان بەدەر لە دادگاکان و یەکە سەربازییەکان وپاسەوانانی هەرێم( پێشمەرگە) و زانکۆ و کۆلیجەکان و پەیمانگاکانی فێرکردنی بالأ و توێژینەوەی زانستی.
چوارەم: بەرپرسە لەدابین کردنی ئاسایش و نیزام لەناو یەکە کارگێڕییەکەی و بۆی هەیە فەرمان بداتە پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکەن کە لە ناحیەکەدا روودەدەن بەو پێیەی سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی ناحیەکەیە.
پێنجەم: پاراستنی ئاسایش و نیزام و پاراستنی مافی هاولأتیان و گیان و موڵك و ماڵی تایبەتییان.
شەشەم: پاراستنی موڵك و ماڵی گشتی و چاککردنەوەیان و کۆکردنەوەی داهاتیان بەپێی یاسا.
حەوتەم: فەرمان بە پێکهێنانی مەفرەزە لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەشێوەیەکی کاتی لە ناحیەدا دەدات بۆ پاراستنی ئاسایش لە کاتی پێویستدا.
هەشتەم: سەرۆکی فەرمانگەکان لە ناحیەدا، بەرێوەبەری ناحیە لەو نامەکارییانە ئاگادار دەکەنەوە کە لەگەڵ فەرمانگە فەرمیەکانی خۆیاندا دەیکەن.
نۆیەم: بۆی هەیە تانووت لەبڕیاری لادانی بدات لەلای دادگای کارگێڕی تایبەتدا لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکەوە.

## بەشی چوارەم

### یەکەم ـ لەنوێ دامەزراندنی یەکە کارگێڕیەکان

**ماددەی بیست و شەشەم:**

١. قەزا یا ناحیە بەمەرسوومێکی هەرێمی دادەمەزرێ و ئەمەش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا و بە رەزامەندیی وەزیر و پەسندکردنی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ وله بارێکدا کە وەزیر رەزامەندیی پیشان نەدا لەگەڵ خوێندەوەکەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزدەکرێتەوە و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانیش یەکلاکەرەوەیە.
٢. سنووری قەزا هەمواردەکرێ و ناو و سەنتەرەکەی بەمەرسومێکی هەرێمی دەگۆڕدرێ، ئەمەش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا و بە رەزامەندیی وەزیر و پەسندکردنی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.
٣. سنووری ناحیە هەمواردەکرێ و ناو و سەنتەرەکەی بەبەیاننامەیەك دەگۆڕدرێ کە وەزیر لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا دەری دەکات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

### دووەم ـ دارایی پارێزگا

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

داهاتی دارایی پارێزگا لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

یەکەم: ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لەناو بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ پارێزگای تەرخان دەکات.

دووەم: ئەو داهــاتــانەی کە پــــارێزگـــا دێتە دەستی لــە ئەنجــامی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکات و وەزارەتی دارایی لەو داهاتانە ئاگادار دەکاتەوە کە وە دەستی هاتوون.

سێیەم: ئەو پیتاك و بەخششانەی کە بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دێتە دەستی.

چوارەم: ئەو داهاتانەی کە لە فرۆشتن و بەکرێدانی ماڵی گواستراوەی دەوڵەت بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم وەدەستی دێنێ.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

بەڕێوەبەرایەتی یەکە کارگێڕییەکان و ئەنجومەنەکانیان سیستەمی ژمێریاری پشت پێ بەستراو بەکار دێنن.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

فەرمانگەکانی یەکە کارگێڕییەکان و ئەنجومەنەکان دەکەونە بەر چاودێری کردنی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا.

## بەشی پێنجەم

### یەکەم: مــاف و تــایبە تمەندییەکــان

**ماددەی سییەم:**

یەکەم:١. ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی یەکە کارگێڕییەکان ئازادی تەواویان هەیە لەدەربرینی راوبۆچوونەکانیان لەوتووێژکردنی ناو ئەنجومەندا.

٢. نابێ ئەندامی ئەنجومەنی خۆجێیەتی یەکەی کارگێڕی بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەن بە نووسین راوە دوو بنرێ تەنیا لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوان یا کەتنێك نەبێ کە پێیەوە دەگیرێ.

٣ـ ئەنـدامی ئەنجومـەنی خۆجێیـەتی یەکـەی کـارگێڕیی لـە کـاتی مـاوەی ئەندامیـەتی دا بـەوە دادەنـرێ کـە خزمـەتێکی گـشتی پـێ سـپێردرا بـێ بـۆ مەبەسـتی پیـادە کردنـی یاسای سزاکان.

٤. بە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکان پاداشتێکی مانگانەی بڕاوە دەدرێ، کە ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکات.

٥ــ ســەرۆك و ئەنــدامانی ئەنجومەنــەکان لــەکاتی تــەواوبوونی مــاوەی هەڵبــژاردنیان پاداشتێك وەردەگرن کە یەکسان بێت بە پاداشتی شـەش مـانگی کۆتـایی ئەندامێتی حیساب ناکرێت لەگەڵ ئەوەی دەیکەوێ لەو پاداشتەی بە پێی یاسای خانەنشینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

شارستانی جێبەجیٚ کراو لە کۆتایی خزمەتکردیندا بەرامبەر بە خزمەتی فرمانەکەی دەیکەویٚ.

٦. کاری ئەندامی لە ئەنجومەندا بە خزمەت بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی دەژمێردرێت.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ خولی هەڵبژاردنی یەکەم، ئەمانەی خوارەوەیان دەکەویٚ

١- مووچەیەکی خانەنشینی بەرێژەی (٨٠٪)ی ئەو پاداشتەی کە مانگانە لە کاتی خزمەتکردندا وەریان دەگرت.

٢- پاداشتی کۆتایی خزمەت کە هاوتای ئەو پاداشتانە بیٚ کە لە شەش مانگی کۆتایی خزمەتەکەی وەریان دەگرت.

## دووەم: هەڵــوەشــاندنەوەی ئەنجومەنەکـــان

**ماددەی سیی و یەکەم:**

یەکەم: ئەنجومەنەکان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی لە سەر داوای سێەکی ئەندامانی خۆیان هەڵدەوەشێننەوە:

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە ئەنجومەنە خۆجێییەکان بە زۆرینەی ٣/٢ دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەڵبوەشێنێتەوە ئەمەش لەسەر داوای قایمقام بە نیسبەتی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا یاخود بەرێوەبەری ناحیە بە نیسبەت ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لەم بارانەی خوارەوە:

١. زیان گەیاندنێکی مەزن بەو کارو ئەرکەی پێی سپێردراوە.
٢. ئەگەر مانەوەی زیان بەخش بوو بۆ بەرژەوەندیی گشتی.
٣. ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجیٚ بکات.
٤. لە بارێکدا کە لە دەستوور لایدا یان سەرپێچی یاسای کرد.

سێیەم: بۆ ئەنجومەنە هەڵوەشاوەکان یان سێیەکی ئەندامانی هەیە تانووت لە بریاری هەڵوەشانەوەکە لەبەردەم دادگای کارگێڕیی بدەن لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی دەرچوونیەوە و دادگاش دەبیٚ لە ماوەی (٣٠) رۆژ بڕیاری خۆی لە بارەی تانووتەکەوە بدات.

چوارەم: پەرلەمان بۆی هەیە ئەنجومەنی پارێزگا بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی هەڵوەشێنێتەوە ئەمەش لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران یان سێیەکی ژمارەی ئەندامانی دەبیٚ ئەگەر دەرکەوت یەکێك لە هۆیەکانی کە لەبڕگەی(دووەم)ی ئەم ماددەیەی لیٚ هاتەدی.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

پێنجــەم: لــە بارێکـدا کـە پەرلــەمان رەزامەنـدی لەســەر پێـشنیازەکە دەربــڕی، وادەی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نـوێ لـە مـاوەی شەسـت رۆژ لـە مێـژووی دەرچـوونی بڕیارەکە رادەگەیەنرێ.

**ماددەی سی و دووەم:**

دەشێ ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێییەکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان(قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە) لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای پەیوەندیدار بە زۆرینەی٢\٣ دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی لە کار لابرێن لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (شەشەم)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

## سێیەم : کۆتـــایی هـــاتنی ئەنـدامیەتی

**ماددەی سی و سێیەم:**

یەکەم: ئەندامیەتی لە ئەنجومەنەکان لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی دێ:

١. تەواو بوونی ماوەی خولی هەڵبژاردن.
٢. مردنی ئەندام.
٣ــ پەککــەوتن یــان توشـبونی بـە نەخۆشـیەك کـە نــەهێڵێ لەســەر کارەکــەی بــەردەوام بــێ ئەمـــەش بـــەپێی بڕیارێــك کـــە لـــە لیژنـــەی پزیـــشکی تایبەتمەندەوە دەرچووبێ.
٤. وازهێنانی ئەندام دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەن بەزۆرینەی ژمارەی دەنگی ئەندامانی.
٥. لادانی ئەندام لەسەرکارەکەی بەهۆی ئامادە نەبوونی لە پێنج دانیشتنی یەك لەدوای یەك یاخود ئامادە نەبوونی لە هەشت لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن لە ماوەی چوار مانگ دا بەبێ عوزری رەوا.

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە کۆتایی بە ئەندامیەتی بێنێ بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی لە کاتی لە دەست دانی ئەندام لە یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامیەتی، یان یەکێك لە هۆیەکانی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (شەشەم)ی ئەم یاسایەی لێهاتە جێ.

ســێیەم: ئەنــدامی ئەنجومــەن بــۆی هەیــە تــانووت لــە بڕیــاری کۆتــایی پێهێنــانی ئەندامیــەتی بـدات بـە پێـی بڕگـەکانی (٣،٥) لـە یەکـەم و بڕگـەی (دووەم) لـەم ماددەیــــەدا لەبــــەردەم دادگـــای کـــارگێڕیی تایبـــەت لـــە هـــەرێم بـــەپێی حوکمــەکانی یاســای ئەنجومــەنی شــوورای هــەرێمی کوردســتان . عــیراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## بەشی شەشەم

### حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی سی و چوارەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە نەخشەی دیزاینی بنەڕەتی پەسند بکات یان دیزاین کردنەوەی یەکە کارگێڕیەکان لە پارێزگادا دووبارە بکاتەوە.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجومەنەکانی شارەوانی بۆ یەکە کارگێڕیەکان بە پێڕەوێکی تایبەتی پێکدێنێ کە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی دەری دەکات.

**ماددەی سی و شەشەم:**

ئەنجومەنەکان دەکەونە بەرچاودێری پەرلەمان.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

کارکردنی یاسای پارێزگاکانی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو رادەگیرێ.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕییەکان لە هەرێمدا بە بەیانێك دیاردەکرێ کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەری دەچوێنێ.

**ماددەی سی و نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی چلەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چل ویەکەم:**

ئەم یاسایە لە دەستپێکی خولی هەڵبژاردنی دادێی ئەنجومەنەکان جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانـــی**
**سەرۆکـــی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
١٤ / گو لاّن/ ٢٧٠٩ ی کوردی
٩ / جەمادی الاول/ ١٤٣٠ ی کۆچی
٤ / مایس/ ٢٠٠٩ ی زایینی

### هۆیە پێویستیەکانی

بەمەبەستی رێکخستنی تایبەتمەندیی و دەسەلاّتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کارگێڕییان لە هەرێمدا و پەرەپێدانیان و لە پێناوی بەدیهێنانی پرنسیپی ناسەنتەری لە دابەش کردنی دەسەلاّتەکان بە مەبەستی ئاسانکاریی و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بە هاوولاّتییان و پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا. ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM